# دووڕەگ... هەنگاوێکی دیکە

د. فازڵ جاف
(١ - ٢)

شانۆیی( دووڕەگ)ی شاعیر و نووسەری ئەمریکایی ڕەشپێست لانگستون هیوز (١٩٠٢ - ١٩٦٧) دووەم کاری شانۆییم بوو، هاوینی ١٩٧٩ لە تیپی نواندنی سلێمانی کارم لەسەر کرد. چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم دەقە شانۆییە، پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە، چونکە وانەبێت کە من خۆم پێشوەخت شانۆنامەکەم هەڵبژاردبێت، یان وەک پرۆژیەکی ئایینده بیرم لێ کردبێتەوە، نەخێر.

شانۆنامەکە لەلایەن مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین)ەوە وەرگێڕدرابوو، وابزانم هەر خۆیشی پەی بە شانۆنامەکە بردبوو و لە عەرەبییەوە وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی. دەرهێنەرێک لە تیپی نواندن ئەو شانۆنامەیەی پێشنیار کردبوو کە کاری لەسەر بکات، بەڵام دواتر، دروست پاش نمایشی پردی ئارتا دەرهێنەرەکە لە پرۆژەی کارکردن لە سەر شانۆییەکە پەشیمان بووەوە، ئەوەندەیشی نەبرد بە دەستەی کارگێڕی تیپی نواندنی ڕاگەیاند کە چیدی نایەوێت کار لە سەر ئەو شانۆنامەیە بکات. ئەم بڕیارە کتوپڕە تیپی نواندنی سلێمانی ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی نالەبار کردەوە، لەلایەکەوە تیپی نواندن پاش نمایشی پردی ئارتا گوڕ و تینێکی نوێ و وزەیەکی هونەریی نوێی بەخۆیەوە دیت، بۆ یەکەم جاربوو پاش سەفەرکردنی هونەرمەند غازی بامەڕنی، کە تا ئەو کاتە باشترین دەرهێنەری تیپی نواندنی سلێمانی بوو، ئەو گوڕ و تین و گەشەیە بەخۆوە ببینێت، لەبەر ئەوەی شەقڵ و شێوازێکی نوێی نمایش لە پردی ئارتادا بەدی کرا.

ڕەتکردنەوەی دووڕەگ لەلایەن دەرهێنەرەکەوە، بۆ تیپی نواندن گورزێکی زیانبەخش بوو، چونکە تیپ دەمێک بوو مۆڵەتی شانۆنامەکەی پێ درابوو، مۆڵەت وەرگرتنیش لەو ڕۆژگارەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو. هەموو تێکستێکی



**لانگستۆن هیوز**

شانۆیی دەبوایە ڕەوانەی لیژنەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بکرێت، لیژنەکەش لە بنەڕەتدا لیژنەی سانسۆر و قەدەغەکردن بوو، هەر ئەوەندەبوو بە مەبەستی مکیاج و ئارایشت ناوی سانسۆری لێ نەنرابوو، بەڵام هەمان ئەرکی لیژنەی سانسۆری جێبەجێ دەکرد، بۆیە تێکستی هەر شانۆنامەیەک دەبوایە ڕەوانەی لیژنەکە بکرابایە، کە لە شاری هەولێر بوو، وەڵامدانەوەکەیشی بە ئا و بە نا، یان بەدەستکاری و دەستێوەردان و سڕینەوە و لابردنی هەندێک شوێنی تێکستەکە، چەند مانگێکی پێدەچوو، ئەمە جگە لە ڕەوتی کیسەڵئاسای پۆستی ئەو سەردەمە، ئەم کەینوبەینە زۆری دەخایاند، وێڕای ئەمەش ڕەزامەندی لەسەر شانۆنامەکان بە هیچ شێوەیەک پشتی پێ نەدەبەسترا.

دیاربوو ئەندامانی لیژنەکە بەزۆری لە ناوەڕۆک و کاردانەوەی سیاسی شانۆنامەکان دەترسان، بۆیە ئەو شانۆنامانەی کە باسی ئازادی و سەربەستییان دەکرد، یان بۆنی سیاسەتیان لێوە دەهات، زۆر بە وردی دەخوێنرانەوە، هەر بۆ نموونە شانۆنامەیەکی وەک دووڕەگ، یان چیرۆکە دووفاقەکەی دکتۆر پالمێ لەو تەرزە شانۆییانە بوون.

لەم سەروبەندەدا، ئەگەر دەقێکی مۆڵەت پێدراوت ڕەت کردبایەتەوە، یان کارت لە سەر نەکردبایە، ئەوە دەبوایە تا چەند مانگێکی تر بەدەم چاوەڕوانییەوە سەرخەوی بۆ بشکێنیت.

دەستەی کارگێڕیی تیپی نواندن، بەتایبەتی سەرۆکی تیپ هونەرمەند سمکۆ عەزیز و سکرتێری تیپ کاوە ئەحمەد میرزا، منیان بۆ دەرهێنانی ئەم شانۆیییە پێشنیاز کرد، منیش گوتم: دووڕەگم نەخوێندۆتەوە، با بیخوێنمەوە، پاشان دەتوانم ڕای خۆم بە بەڵێ، یان بە نەخێر ڕابگەیەنم.

ئەوەبوو هەر ئەوە ئێوارەیە تەواوی شانۆنامەکەم دوو جار بەتاسەوە خوێندەوە، بۆ سبەینێ ، بێ بیرکردنەوەیەکی زۆر دەستەجێ ئاگادارم کردنەوە کە بەڵێ دەمەوێت کاری لەسەر بکەم، ڕاستییەکەی زۆرم پەلە بوو، دەمویست لە پاش پردی ئارتا یەکسەر کارێکی دیکە بکەم. لەلایەکی دیکەیشەوە زۆرم مەبەست بوو تیپ بەردەوام بێت و وەرزێکی چالاکی دیکە لەدەست نەدات، بەڵام پێشنیازەکەی مامۆستایان سمکۆ عەزیز و کاوەی ئەحمەد میرزا لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیدا هەروا سووک و ئاسان تێپەڕ نەبوو، لە ناو دەستەی کارگێڕیی تیپدا، جۆرە ناڕەزاییەک هەبوو، بەرانبەر بەوەی کە من شانۆنامەکە دەربهێنم، بە بیانووی ئەوەی گوایە چۆن دەبێت دەرهێنەرێکی گەنج، دەرهێنەرێکی دەرەکی بێت و لە ماوەی شەش مانگدا دوو نمایش ئەنجام بدات، ئەمە لەبری سوپاسکردن، کە ئەگەر من ئەو کارەم نەکردبا ، لە وانەبوو تیپ بۆ ماوەی ساڵێک بەرهەمی نەبێت و چاوەڕێی وەرزی داهاتوو بکات.

ڕەنگە تا ئەمڕۆیش، دووڕەگ تاکە شانۆنامەیەک بێت کە ئاوا دەستبەجێ و هەر یەکسەر، بەبێ بیرکردنەوەی پێشتر، بێ خۆئامادەکردن و تاووتوکردن و شیکردنەوەی پێویست و قووڵبوونەوە، یەکسەر بڕیارم لەسەر دابێت و هەر زوو کارم لە سەر کردبێت، کاردانەوەی خراپی ئەم بڕیارە کتوپڕە بەپەلەیەم پاشتر لە میانی کارکردندا بۆ بەدەرکەوت، دوایی تێگەیشتم کە ڕیژیسۆر چەند زۆرتر و کاتێکی درێژخایەنتر لە شانۆنامەکە و بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر قووڵ ببێتەوە، چەند زێدەتر توێژینەوەی لەسەر بکات، ئەوەندە کاراتر و کاری دەرهێنانەکە کاریگەرتر ڕادەپەڕێنێت، مێیرهولد یەکێکە لەوانەی ماوەیەکی زۆر، جاری وا هەبووە ساڵانێک بیری لە دەرهێنانی شانۆنامەیەک کردۆتەوە، بەڵام بە ماوەیەکی کورت، بەسێ هەفتە، تەنانەت بە چەند ڕۆژێک کارەکەی لە (ماڵی بووکەشووشە) ئەنجام داوە. برووک لە نووسینێکیدا دەڵێت: دوو ساڵ بیر لە دەرهێنانی شانۆنامەیەک دەکەمەوە، بەڵام دواتر بە دوو هەفتە ئەنجامی دەدەم.



**عەلی کەریم**

له کۆتایی نەوەتەکان یەکێک له شانۆ گرینگەکانی سوێد به تەلیفۆن پێوەندییان پێوەکردم، گوتیان خەریکی کارکردنین له شانۆنامەی (خەونی نیوە شەوێکی هاوین)ی شەکسپیر، کێشەمان لەگەڵ ڕێژیسۆرەکەی هەیە و کارەکەی پێ تەواو ناکرێت، یەکێک له ئەکتەرەکانمان، که کاتی خۆی له شاری ستۆکهۆڵم بەشداری وۆرکشۆپێکی ئێوە بووە، وەک ڕێژیسۆر تۆی بەشیاو زانی بۆ تەواوکردنی کارەکە، ئەم پێشنیازە لەناکاو و کتوپڕ بوو، یەکسەر پرۆسەی کارکردنی (دووڕەگ)ی بەبیرهێنامەوە.

خەونی نیوە شەوێکی هاوین، خەونێکی چەند ساڵەم بوو، بەڵام نەک بەم جۆرە کتوپڕە، بێ ئەوەی بیرم لێ کردبێتەوە، بێ ئەوەی له دەقەکە قووڵ بووبێتمەوە و توێژینەوەم لەسەر کردبێت، ئەمە جگە لەوەی یەکەم جار بوو شانۆیەکی فەرمی له سوێد خۆی داوام لێ بکات، کاری لەسەر بکەم ئینجا بۆ یەکەم جاریش بێت له سەر شانۆیەکی ئەوەند گەورە و پان و بەرین کار بکەم، ئەزموونی پێشترم له چوارچێوەی شانۆی بچووک و پانتایی و ڕووبەری تەسکدا بوو، له سەرووی هەموو ئەمانەیشەوە، ئینجا بۆ من ئاسان نەبوو، کاری ڕێژیسۆرێکی دیکە تەواو بکەم کە کارەکەی بە نیوەناچڵی بەجێهێشتبێت، بەتایبەتیش که نەمدەزانی بۆچی ئەو کارەی بەجێ هێشتووە، ئایا لەگەڵ ئەکتەرەکان نەدەگونجا، کە ئەمەیان لەوانە بوو بۆ منیش هەمان ئاستەنگ دروست بکات. هەرچۆنێک بێت پاش بیرکردنەوەی نەپساوەی چەند ڕۆژێک، بڕیارم دا ئەو کارە نەکەم.

بەر لە دووڕەگ خۆم بۆ شانۆنامەی (چیرۆکە دوو فاقەکەی دکتۆر پالمێ)ی نووسەری ئیسپانی (بویری بابییخۆ) ئامادەکردبوو، ئەم شانۆنامەیە تەواو کەمەندکێشی کردبووم، لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لەسەر وەرگێڕانی تێکستەکە ڕێک کەوتبووین، هیوای ئەوەی شانۆنامەکە مۆڵەتی پێ بدرێت، لەلامان زۆر کزبوو، بەتایبەتی کە شێرکۆ بێکەس دەقەکەی خوێندەوە گوتی: ڕەزامەندیی و مۆڵەتدانی ئەم شانۆنامەیە خۆی لەخۆیدا موعجیزەیە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە تا ئەو دەمەی وەرگێڕانی دەقەکەی بابییخۆ ئەنجام دەدرێت و تا ئەو کاتەی بڕیاری مۆڵەتەکەی بە ئا و بە نا دەگەڕێتەوە، باشتر وایە وەک دەرهێنەر دەستەوئەژنۆ بێ بەرهەم و کاری داهێنەرانە لێی دانەنیشم، ئیدی پاش خوێندنەوەی شانۆنامەکە یەکسەر بڕیاری ئەوەم دا، کە کاری دەرهێنانی بۆ بکەم، بەڵام له پاش (دووڕەگ)ەوە هیچ شانۆنامەیەک نەبووە، کە چەند ساڵێک له مێشکمدا گینگڵی نەدابێت و بیرم لێ نەکردبێتەوە.

پاش چەند ڕۆژێک دەستمان بە مەشق و پرۆڤە کرد، ئەم ماوە کورتە له بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە له نمایشەکە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی، زۆر کەم بوو بۆ بەرجەستەکردنی، هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، تا دەهات پتر هەستم دەکرد هێشتا له زۆر لایەنی دەقەکە بە باشی و دروستی قووڵ نەبوومەتەوە، ئەگەر وا نەبا، بەتایبەتی نووسەرەکەم باش نەدەناسی، سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان دەربارەی خۆی و ئەدەبەکەی له بەردەست نەبوو، تەنیا ئەوەندەمان دەزانی کە شاعیرێکی ڕەشپێستە و دژ بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستییە، پاشتر کە گەیشتمە ئەورووپا، جگە لە زمانی عەرەبی، بە زمانی دیکەش دەمخوێندەوە، ئەو کاتە پتر ئاشنای زمانی ئەدەبی هیوز بووم، شیعرەکانی جیهانێکی دیکەی لە ئەندێشەمدا بەرجەستە کرد، بە تایبەتی دیوانە بەناوبانگەکەی (قولەڕەشێک باسی ڕووبارەکان دەکات).

ئەگەر ئەوسا ئەو شارەزاییەم هەبایە، بەتایبەتی ئەگەر ئاشنای جیهانی شیعریی هیوز بوومایە، نمایشەکە دەکرا بە شێوازێکی جوانتر و نایابتر و شاعیرانەتر دەرکەوتبا، ئەمەش وانەبێت کە دەقی شانۆنامەکە، وەک شانۆنامەیەکی شەکسپیر، یان چێخەف ئەوەند قووڵ و تایبەت بێت کە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات،

نەخێر، بگرە چیرۆک و دارشتنی دووڕەگ زۆر لەوەش ئاسانترە، بەڵام سەرەڕای ئاسانی و سادەیی هەر شانۆنامەیەک، پێم وایە ڕیژیسۆر دەبێت کاتێکی باش و ماوەیەکی شیاو بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە تەرخان بکات، نەک تەنیا بۆ ئەوەی بەقووڵی لێی تێبگات، بگرە بۆ ئەوەی بزانێت لە خەیاڵ و ئەندێشە و فەنتازیای خۆیدا خانەیەکی داهێنەرانە و پانتاییەکی بەرینی بۆ تەرخان بکات، تا پەی بە چارەسەری تایبەت و وێنەی هونەرییانە و دارشتنەوەی جیاهەڵکەوتووانە بەرێت. ڕاستە خەیاڵ هەندێک جار وەک برووسکە وایە، بەڵام بۆ ڕیژیسۆر پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە، دەبێت کاتی بۆ تەرخان بکرێت.

خوێندنەوەی دەقی شانۆنامە بە تەنیا بەس نییە، بگرە خوێندنەوەی سەرجەمی ئەدەبی نووسەرەکە و ژینگە و کۆمەڵگەکەی، سەردەم و ڕۆژگارەکەی، گەلێک گرینگن بۆ ئەوەی نەبز و تاووتینی شانۆنامەکە بەرجەستە بکرێ. ئێستا پاش ئەزموونی تەمەنی خۆم، لەوە تێدەگەم کە بۆچی ڕەخنەگران سەبارەت بە مییرهولد لە (پشکنەر)ی گۆگۆڵدا نووسییان: مییرهولد نەک تەنیا پشکنەری خستە سەرشانۆ، بگرە لە پشکنەردا هەموو ئەدەبی گۆگۆڵی خستە سەر شانۆ، کە لە شانۆنامەیەکی شەکسپیر، یان چێخەف دەست بەکاردەبێت، وەک ڕیژیسۆر دەبێت وا بیر بکەیتەوە، کە سەرجەمی ئەدەبی شەکسپیر، یان چێخەف دەخەیتە سەر شانۆ، ئینجا لەوانەیە دەرەقەتی ئەو شانۆنامەیە بییت.

ئەم شێوازەم لەگەڵ (دووڕەگ)دا بۆ نەرەخسا، بەڵام هەرچۆنێک بێت دووڕەگ بۆ من وانەیەکی بە سوودی دەرهێنانی شانۆیی بوو. وانەیەک کە لە داهاتوودا سوودم لێ وەرگرت، پوختەی وانەکەش ئەمە بوو: هەرگیز بە پەلەپەل کار لەسەر دەقێکی شانۆیی نەکەم، بێ ئەوەی ماوەیەکی باش بیری لێ بکەمەوە و لە زەینمدا بچەسپێت، بە کورتی کاری زەین و هۆش لە سەر شانۆنامەیەکی ڕاستەقینە، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی، جۆرێکە لە هەرسکردنی شانۆنامەکە.

بڕیاردانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تیپ، سەرەڕای ئەوەی کە بە دڵ و بە گیان دەیانویست دەرهێنەرێک بدۆزنەوە کە دەرهێنانی دووڕەگ بگرێتە ئەستۆ و نەهێڵێت تیپ بۆ ماوەیەکی زۆر، شەش مانگ بەلانی کەمەوە بوەستێت، بەڵام کەسانی وایان تێدابوو بەوە ڕازی نەدەبوو، کە ئەو دەرهێنەرە فریادڕەسە من بم، هۆکاری ئەم ڕازی نەبوونەیش لە دوو خاڵدا خۆی چڕکردبووەوە، یەکەمیان: ئەوەبوو کە نابێت کەسێکی گەنجی دەرەکی، لە ماوەی شەش مانگدا دوو شانۆنامە لەسەر یەک دەربهێنێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بەرانبەر بە نیهادپاکی و دڵسۆزیی زۆرینەی ئەندامانی تیپەکە لە سنوورێکی تەسکدا بوو، بەتایبەتی بەرانبەر بە ڕای پۆزەتیڤانەی مامۆستایان سمکۆ عەزیز و کاوەی ئەحمەد میرزا سەرنەکەوت.

**ئەو تایبەتمەندییانەی دووڕەگ چی بوون، کە وایان لێ کردم ئارەزووی دەرهێنانی بکەم؟**

ڕاستییەکەی دوو تایبەتمەندی لە دووڕەگدا هەبوون، کە بۆ من گرینگ بوون: یەکەمیان پەیامی مرۆڤخوازانەی شانۆنامەکە، کە لە بنەڕەتدا پەیامێکە دوور لە پەیامی سیاسی باو و کلێشەئامێز، کە دیارە لە بەشی هەرە زۆری ئەدەبیاتی نووسەرانی ڕەشپێست بەدی دەکرێت. دیارە کێشەی دراماتیکیانەی نێوان سپی و ڕەش و دەرئەنجامەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە لە ئەمریکادا، ڕاستەوخۆ شەقڵ و مۆرکی سیاسیانە وەردەگرێت، بەڵام لانگستۆن هیوز لە (دووڕەگ)دا باس لە دۆخێکی ئینسانی لەوەش قووڵتر دەکات، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک تاوانبار بکات، پاڵەوانی شانۆنامەکە، کە باوکی سپییە و دایکی ڕەش، لەهەمان کاتدا خۆی بە سپی و بە ڕەشیش دەزانێت، بەڵام دیارە ئەم هەستە، ئەم بۆچوونە، لەلای سپییەکان نایخوات. باوکێکی سپی پێی شەرم و نەنگییە خۆی بە باوکی منداڵێکی دووڕەگ بزانێت.

لەم دۆخەدا ڕەگەزپەرستی شەقڵێکی کۆمەڵایەتی دژ بە مرۆڤبوونە، بەر لەوەی کاردانەوەی سیاسی بێت.

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە پرۆگرامی نمایشەکەدا نووسرابوو:

(مرۆڤ ئەو جیهانە هەرە بەرزەی نەمرییەیە لە سەرەتای بوونەوە بە ئاوازی ئازادی گوێی زرنگاوەتەوە و زمانی پژاوە، بۆیە هەموو کارێکی دزێو، قینەبەرایەتی، چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی لە بەردەم ویستەکانیدا ئیفلیج و سەرگەردان و پەشێوە. سەربەستی و ئازادی مرۆڤیش یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتییەکانی ئەدەب و هونەر. پێشکەشکردنی شانۆگەریی «دووڕەگ» لەلایەن تیپەکەمانەوە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەڵوێستی ڕەسەن، هاواری زوڵاڵ، سەربەستی خوازییە دژی جیاوازی ڕەگەزپەرستی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا.

(شانۆی کوردی- سلێمانی لە دامەزراندنییەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، نووسینی: کاوەی ئەحمەد میرزا).